بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

## بڕیار

**ژمارە ( ٢٥ ) ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای هەموارکردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**ژمارە( ١ )ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢**

به پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە ( ٨ ) لە ٢٦ / ١٠ / ٢٠٠٩ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٩

## یاسای هەموارکردنی شەشەمی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

## ژمارە(١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی پێنجەم کە بە پێی هەموارکردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٠٩ زیادکراوە، بڕگەیەکی ، بەزنجیرەی ( پێنجەم)، وەك ئەمەی خوارەوە بۆ زیاد دەکرێت:

پێنجەم: لەحاڵەتی سوێند نەخواردنی پاڵێوراوی هەڵبژێردراو بۆ پەرلەمان لەماوەی دیاریکراودا بەبێ هیچ هۆیەکی رەوا، ئەوا دوای (٩٠) رۆژ لە مێژووی ناوبراو مافی ئەندامیەتی نامێنێ و، پاڵێوراوێکی دیکە بەپێی یاسا شوێنی دەگرێتەوە.

**ماددەی دووەم :**

حوكمەكانی ئەم یاسایە، ئەوانە دەگرێتەوە كە لەخولی سێیەمی هەڵبژاردنەوە بۆ ئەندامێتی پەرلەمان پاڵێوراون.

**ماددەی سێیەم :**

پێویستە لەسەر لایەنەپەیوەندیدارەكان، حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن .

**ماددەی چوارەم :**

ئەم یاسایە لە بەرواری دەرچوواندنیەوە جێبەجێ دەكرێت و، لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقائعی كوردستان) دا بڵاودەكرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆكی هەرێمی كوردستان . عێراق**

**هەولێر**

**٥ / گەلاڕێزان/ ٢٧٠٩ ی كوردی**

**٨/ ذي القعدة/ ١٤٣٠ ی كۆچی**

**٢٧ / تشرینی یەكەمی/ ٢٠٠٩ ی زایینی**